# سەرخەتی ستراتیژی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەندا

**ئاسو حامدی**

ستراتیژ لە ئیستادا لەهەموو کاتدا قسەی زیاتر لە سەر دەکری، باسی هەرچی بکەی دەلین ئەی لە ئایندەدا چۆن دەبیٚ.
شەڕی ئەمریکا بۆسەر رژیمی عیراق شەڕیک بوو بۆ چاککردنی ئاینده، یانی شەڕیٚک بوو بۆ ستراتیژ. بۆ هەموو کەس رۆشنە ئابووری یەکیٚک لە هۆکارە سەرەکیەکانی شەڕە لە هەموو دەورانیٚکدا. ئەمریکا دەزانیٚ نەوت تەمەنی لە ستراتیژدا کورتە لە هەموو دیراسەکاندا 25-30 سالی تر زیاتر نیە، مرۆڤایەتی دەبیٚ ووزەی ئەلتەرناتیفی هەبیٚ..جا ئەتۆم بیٚ کە پاشەرۆککەی گرفتی زۆر زۆرە یان رۆنی گولە بەرۆژە بییٚت هتد.هتد. دەبیٚ هەموو هۆیەکانی بەرهەمهیٚنانی بۆ ئامادەبکری..ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بەلام ئەساسی باسەکەی من نیە. بۆ یە دەبی سەرچاوەکانی ووزە لە پترۆل و گازی سروشتی بە هەر نرخیٚک بی دەبی کۆنترۆل بکری..ئەم باسە لە ستراتیژی ئەمریکا و وولاتانی رۆژئاوای نویٚ نیە. ئەمبارەکانی وولاتانی ڤەنزوللا، وولاتانی کەنداوی فارسی و وولاتانی باکووری ئەفریقا دەگریٚتەوە.وولاتانی وەکو نەرویج و رووسیەش دەبیٚ بە شیوەییەک هەر کۆنترۆل بکریٚت.
ئەگەرچی ئەمە لە میٚژە بە شیٚوەی ( ريع العقار) لە یاساکانی ئابووری کۆنترۆل کراون. بەلام هیٚشتا بۆ سەرمایەدارانی دونیا کافی نین .یەکیٚک لە ستراتیژە نەوتەکانی ئەمریکا دەبیٚ تا لەئایندەدا سەنتەری ئینیرژی بەدەستی ئەوان بیٚ، پترۆل سەرچاوەی هەموو شتیٚکە تا ئەلتەرناتیڤی مناسب بۆی.... بەلام ئەمە هۆی هەلگیرساندنی شەڕ نەبوو،چۆن دیموکراسی و مافی مرۆڤ، یان مافی گەلی کورد و کەمە نەتەوەییەکان.( سەرکردایەتی سیاسی کورد دەبیٚ لەم دەرسە چاک بگا کە دۆستایەتی ئەمریکا بۆ هەوالانی تا ئەوکاتەیە کە بەرژەوەندیەکانی مسۆگەردەبیٚ، دوایی دونیا دونیایەکی ترە. هەزاران تاقیکردنەوەی میٚژووی هەیە و ئەمە بەلگە نەویستە)..نە چەکی کۆکژ و ئەتۆمی عیراق بوو ئەم شەڕەی هەلگرساند...
شەڕی ئەمریکا بۆ سەر عیراق شەری ئەلتەرناتیڤەکانی لەناوبرد بەلام بۆ ئەویش نەبوو..شەری ئەمریکا بۆ سەر عیراق سەرکووتی  بۆ سەرکووتی کریکارانی جیهان نەبوو (لە جەنگی دووەمی کەنداودا لە سالی 1991 دا ئەمەی ئەنجامدا..ئەگەرچی ئەمە بەرەنجامە). شەری ئەمریکا بۆ گۆرینی جیۆپۆلیتیک بوو لە تەواوی رۆژهەلاتی ناوەراستدا، ئیسلامیزمی سیاسی ترسناکیەکەی رەویەوە لەگەل ئەوەش کە دروستکەری ماوەیەکی دیاریکراوی خودی سیاسەتەکانی خۆیانن لە ناوچەدا. تا ئیٚستاش یارمەتی لە ئەمریکا وەردەگرن بۆ گەیشتن بە داخوازیەکانیان تەنها بۆ دژایەتیکردنی چەپ و مۆدیرنیزم لە ناوچەکەدا. گۆرینی مۆدیلی جیوپۆلیتیک لە رۆژهەلاتی ناویندا زەرورەتی دەولەمەندەکانی جولەکەکانی بۆرسەکان داوجۆنز و نیۆیۆرک بوو بۆ زەمانەتی مانەوەی دەولەتی ئیسرائیلی لە شوینە پیرۆزەکانی جولەکەکان تا هیچ هیٚزی نەتوانیٚ هەرەشە لە مانەوەیان بکا لەلایەک لەلایەکی تر بە دژایەتی
و تەواوی بریارەکانی (یو ئیٚن) ، کە لەلایەک ئەم ریٚکخراوە بەکاردەهیٚنی لە لایەکی تر هیچ بەهایەکی بۆ دانانیٚ و ناوەرۆکی پووچ دەکاتەوە.
تەواوی نارەزایەتیەکانی دژی شەر کە راپەرینی ملیونی لە تەواوی جیهاندا نەیتوانی بەرە بە سیاسەتی جەنگی ئەمریکا بگری.
مۆدیلی کۆنی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا و . لەسەردەمی شەری ساردا لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا پاکستان-تورکیا-ئیسرائیل بوو. ئیستا مۆدیلەکە دەبیٚ ئەفغانستان- عیراق – ئیسرائیل بیٚ. مۆدیلی جیۆپۆلەتیک نیوزلاندو ئوستراليا لە مۆدیلی دژایەتی چین و هینددان ، دەولەتی فیدرالی رووسیە لە هەموو لایەکدا دەورەدراوە..نەفەسی ئابووری هەر نیە، لەلایەنی سەربازی نەبیٚ ئەویش تەواوی وولاتانی سەردەمی کۆنی خوازیارن لە ناتۆ جیٚگایەکیان هەبیٚ.
سەرجاوەی ستراتیژی جیۆپۆلەتیکی ئەمریکا لە سیاسەتی(State of the world)هاتووە.
کەدەیانەویٚ لە مەودایەکی دیاری کراودا دەولەتی دونیا دابیمەزریٚنن.
هەموو ئەو سەرکردەی وولاتانەی کە لەگەل ئەمریکا هەنگاو نانیٚ دەبیٚ کۆتاییان پیٚ بیٚ.. سەیری رووداوەکانی وولاتانی ئەمریکای باشوور بکەن.جگە لە رۆژهەلاتی ناوەراست. دونیای عەرەب دەبیٚ دیموکراتیزمی شکلی قەبوول بکا، دەبیٚ شیخەکانی کویت ریٚگا بە ژنان بدەن لە دەسەلاتدا.. دەبیٚ مبارەک چاککردنە کۆمەلایەتی و سیاسیەکان لە میسردا بکات، چۆن

قەددافی خۆی بانگەوازی وازهینانی لە گەشەدان بە جەکی کۆکوژیدا، مەگەر ئەمریکا تەنها یەک زەررە چەکی نەبێ...
بەریتانیا و وولاتانی ئەوروپای لەبەر هەم کەلتووریان کە لە رۆژهەلاتی ناوەند نزیکن هەم بە ئابووری پەیوەندی توندیان لەگەل ئەمریکا و دەولەتانی ناوچەکە هەیە، تەنها چارەی ناوەند دەگرنە بەر ، کاتی لایەنگری ئەمریکان کە دامو دەزگاکانی فەرهەنگی سیاسی دەکەونە بە مەحەک.
شەری سەلیبی و ئیسلام زیندوو بۆتەوە بەلام بە زمانی ئیسلامەکان نەبێ، دەنا واقعە.
کارەساتی شەر لە ناوەرۆکە سیاسیەکەی بە شیوەیەکی تر کە هۆکارە جیوپۆلەتیکەکانی دونیا دەیجولێنن، بۆ زۆر کەس ئابووری سیاسی مەرکەزی ئالوگۆرەکانە، ئەمە هۆکاریکی سیاسی کلاسیکی سافە. سەرمایەدارانی ئەمریکای زۆر واوەتر لەمە دەرۆن.
سوریا کاتی دەبوو لبنان چۆل بکا تەنها لە بەر ئشتیوانی حزب اللّٰه بوو نەک بۆ ئازادی و تیرۆری سەرۆک وەزیرانی کۆنی. وولاتی ئیران لە بەر رۆشنای زۆر لێکۆلەرەوەی سیاسی ئابووری دوای عیراق باسی لە سینارۆیەکانی ڕەش بۆی دەکرا بەلام واقع ئەمەی نیشان نادا، چونکە لە جیۆپۆلەتیکدا ئیران دەستە وەستانە. ئیسلامی سیاسی لە تورکیا زەربەی کوشندەی خوارد.ئەمریکا لە مۆدیلی خۆی تورکیا لە خانەی لە بیرکراوەکانە.تەنها بۆ کاتی تەنگانە نەبێ. وەرەقی کوردیش هەروا.(میللەتی کورد و سەرکردایەتیەکەی دەبێ لە م مێژووە حالی بن. سەرکردەی سیاسی کورد دەبێ بیر لەستراتیژی خۆی بکاتەوە.دەولەتانی ناوچە بە ئیسرائیل یشەوە لەگەل ئەفغانستان لە زۆر حالەتتدا هەر دژیان بوونە. یانی دەبێ بیر لە ئەلتەرناتیڤی جۆراوجۆربکاتەوەو لەگەل هەلسوکەوتی لەگەل رۆژگاردا).
سەرانی سەربازی ئەمریکا بۆ گەیشتن بە داخوازیەکانیان دەستیان بە بزووتنەوە سەربازیەکان کردووە ، ئەجندەی خۆیان هەیە، نە سەرۆکی عیراق و ئەفغانستان و لێ حالی دەبن نە شێخەکانی کەنداو..نە سەربازە ئەمریکاییەکان گوێ بەمان دەدەن.
باجی ئەندامی پەرلەمانی عیراقی پۆستالی سەربازی ئەمریکی پێبسرەوە..هەزار نموونەی لەمە لە ناوچەی سەوزای لە بەغدادا لە میدیای پەرلەمانی عیراقیدا هەیە...
ستراتیژی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەندا دەسەلاتی زالە لەسەر جیۆپۆلەتیکدا لە ناوچەکدا.ئەمە چەوهەری شەڕبوو لە عیراق دا. تیرۆریزم لە عیراق دووبارەبوونەوەی دژایەتیەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکە، وولاتانی دەوروبەر بە هەموو لایەک هەولی ئەوەدەدەن ئەمریکا لە عیراق مەشغوول بکەن. شەری دژایەتی ئەمریکا لە ناوجەکە لەعیراقدا چڕ بۆتەوە.
گوڵ بارانی ناسینالیزمی کورد هیچ جیاوازی نەبوو لەگەل شەرەکانی فەلوجە. رامسفیلد و کۆندەلیزا رایس شارستانی ناسینالیزمی کورد لە شال و کلاو جەمەدانی دەبینن.
ئەمریکایەکان هەموویان لەگەل سیاسەتی حزبی کۆماری نین، دوو پۆلێ لە ئەمریکا مەسەلەکەی ئالۆز کردووە. دیموکراتەکانیش هەمان ستراتیژیان هەبوو. لە واقع هیچ نە گۆراوە و ناگۆرێ لە سیستەم و ستراتیژەکانیان، تەنها هێندێ فۆرم نەبێ..
شکستی ستراتیژی ئەمریکا لە گرەوی تیرۆریزمی ئیسلامی و دەولەتی پان ئیسلامی ناسیونالی عەرەبی دانیە. شکستی ستراتیژی ئەمریکا لەگرەی نارەزایەتیەکانی گەلانی جیهان و ئاستی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکاندایە..

دەسەلاتدارانی کارتیلە سەرمایەداریەکان هەموو رۆژێ لە بیری ئەوەدان چۆن بە خێراترین جۆرو کەمترین کات دا بەرهەم لە رشتەکانیان قازانج بەرهەمدبینی.جا ئەگەر بلین ناوەرۆکی گشت سیاسەتەکان بۆ هەرچی زیاتری کەڵەکەی سەرمایە لە دەست کەمایەتیەکی کەم دا. ئەمە ستراتیژیکی کۆنە و لە زەمانی کە نوشتە خێری بۆ مەلایەکان هەبوو..هەبووە و هەر ماوەتەوە..بەلام لە دونیای ئێستادا سەرانی سەرمایەداران دەیانەوێ هەم مەرکەزیەت هەبێ لەکاتی کە خۆیان دەیانەوێ هەم لا مەرکەزییەت هەبێ..ستراتیژی دەولەتی دونیا ناوەرۆکەکەی ئەمەیە.
بەرەنگاری بوونەوەو شارەزابوونی ستراتیژی سیستەمی کە لە سەر بنەمای زولم و چەوسانەوە دامەزراوە هەروا ئاسان نیە.من نازانم لە دوای کورسی و مێزەکانی باندی سیای چ دەگوزەرێ..تەنها ئەوەندە دەزانم..ئەم زنجیرە وەهمیە هەمووماني بەستۆتەوە...و هەر کەس لە هەر کات و شوێنی باجەکای دەدا....بە کورتی سەرخەتی ستراتیژی ئەمریکا لە رۆژهەلاتی ناوەند بەشیکە لە ستراتیژی گۆرینی دونیا بۆ دونیای یەک دەولەت بە رابەرایەتی ئەمریکا...